زانكـــۆی سـەلاحـەدین - هـەولێر

جـامعة صـلاح الدیـن- اربیل

Salahaddin University – Erbil

# كاریگەری زەكات لەسەر كەمكردنەوەی دیاردەی هەژاری لەڕوانگەی ئابووری ئیسلام - شاری هەولێر وەک نموونە

(( توێژینەوەیەک پیشكەش بە بەشی ئابووری كولێژی بەڕێوەبردن و ئابووری كراوە بە مەبەست یوەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی ئابووری ))


ئامادەكردنی

ئیمان عدنان علی

شەوین سابیر خدر

ئیمان بختیار لطیف

بەســەرپــەرشتی

د. نسرین سلیمان حسین


2724 كوردی　　1445 كۆچی　　2024 زاینی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ
وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤١﴾

سورةالحج(41)

صدق الله العظيم

# پێشکەشە بە

- بە خانەوادە خۆشەویستەکانمان کە هەمیشە لە خوێندنمان پشت و پەنامان بوون
- بە سەرۆکایەتی بەشی ئابووری و گشت مامۆستاکانمان .

پێشکەشە بە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان (د. نسرین سليمان حسين)

- پێشکەشە بە قونابیانی زانکۆ
- بە هەموو زانست دۆستان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی
- پێشکەشە بە سەرجەم هاورِێ خۆشەویستەکانمان
- پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی ئەم توێژینەوەیە دەخوێنەوە

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ پەروەردگاری ئەم جیهانە کە ئێمەی خستۆتە سەر ئەم ژیانە , هەموو کارێک بە پشتیوانی خودای گەورە ئەنجام دەدرێت , و توانای پێ بەخشین بۆ تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە
- سوپاس بۆ بەڕێز (د. نسرین سلیمان حسین) کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆ گرت لەم ماوەیەدا مامۆستاو ڕێنیشاندەرێکی لەخۆ بردوو بوو .
- لە کۆتایدا سوپاس بۆ هەموو مامۆستایان و قوتابیانی قۆناغی خوێندنمان بە بێجیاوازی کە هاوکار بوون , و سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ دلسۆز و خۆشەویستانەی کە بە وشەیەکیش بێت یارمەتیان داین .

## ناوەڕۆک


| بەش | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| | لیستی ناوەرۆک | I |
| | پێشەکی | V – II |
| بەشی یەکەم | پێکهاتەی زەکات و ڕۆلە گرینگەکەی لە گەشەی ئابووریدا | 7 – 1 |
| تەوەری یەکەم | پێناسەی زەکات لەڕووی زمانەوانی و شەرعیەوە | 3 –1 |
| تەوەری دووەم | جۆرەکانی زەکات لە ئابووری ئیسلامیدا | 4 |
| تەوەری سێیەم | ڕۆڵە گرنگەکانی زەکات لە گەشەی ئابووریدا | 7 – 5 |
| بەشی دووەم | دیدگای هەژاریەتی لە ئابووری ئیسلامیدا | |
| تەوەری یەکەم | پێناسەی هەژاری لە ڕوی زمانەوانی و شەرعی | 13 – 14 |
| تەوەری دووەم | دیدگای ئابووری ئیسلامی بۆ هەژاری | 9 |
| تەوەری سێیەم | هۆکارەکانی لەناوبردن و تەسککردنەوەی ڕێژەکانی هەژارییەتی لە ڕوانگەی ئابووری ئیسلامی | 12 |
| بەشی سێیەم | سەندیکا و دەستە و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی پێدانی زەکات لە شاری هەولێر | 19 |
| تەوەری یەکەم | ڕاستی مامەڵە کردن لەگەڵ زەکات لە شاری هەولێر | 19 |
| تەوەری دووەم | دەرهێنانی ئەنجامەکانی ئیستیمارەی دابەشکراو لەسەر دانیشتوانی شاری هەولێر بۆ زانینی کاریگەری زەکات لەسەر لە ناوبردن و ڕادارکردنی هەژاریەتی لە شاری هەولێر | |
| | دەرئەنجامەکان | 26 |
| | لیستی سەرچاوەکان | 28 |
| | فۆرمی راپرسی | 31 |

## پێشەکی:

زەکات لە سیستەمی ئابووری ئیسلامدا زۆر گرینگە وەک بناغە و بنچینەی سەرچاوەی داهات هەژمار دەکرێت بە مەبەستی نەهێشتنی هەژاری لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا بە شێوەیەکی تر زەکات وەک مافێکی هەژاران دیاری کراوە کە لەلایەن خودای مەزنەوە کە لە مال و سامانی سەرمایەداران بۆیان کۆ دەکرێتەوە ئەمەش بۆ نەهێشتنی هەژاریە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەبێتە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی داهات هەر بەم شێوەیە زەکات بە گرینگترین خاڵی جیاوازی نێوان سیستەمی ئابووری ئیسلامی و سیستەمی سەرمایەداری دادەنرێت چونکە ئەم مافەی هەژاران لە سیستەمی سەرمایەداری نییە لەمە گرینگ تر ئەمەیە بە زۆری زەکات لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت و لێخۆشبوون بۆ کەس نییە هەروەک و خودای مەزن دەفەرموێت ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ سورە التوبە ایە (103) واتا خودای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر دەکات لە مال و سامانیان زەکات وەرگرە و (خُذْ ) مانای ئەوەیە وەرگرە فەرمانەکە بە شێوازی ئەمر هاتووە کەوا بە زۆریش بێ دەبێ لێیان وەربگری بۆیەش ئەگەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکان پەیرەوی ئەم رێبازەیان کرد گوایە لە دوای پێغەمبەر (د.خ) ئەوا هەژاری بنبڕ دەکرا و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو تاکێک دەهاتە کایەوە ئەوەی جێی سەرەنجە گرینگی دەداتە ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئێستا ئاینی ئیسلام نزیکەی یەک ملیار و نیو فەقیر کاری هەیە ئاخۆ دەبێ چەندیان ماڵا و سامانیان بەر زەکات بێت بێگومان دەکرێت ساڵانە ترلیۆنان دۆلار کۆبکرێتەوە کە مافی هەژارانە ئەو گوژمە زۆرەش چارەسەری هەژاری دەکات لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا بەمشێوەیە زەکات راستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر دیاردەی هەژاری و دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئابووری ئیسلامی گرینگیەکەی بەدەر دەکەوێت لەسەرتاسەری جیهان .

## گرینگی توێژینەوە:

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئەگەر ببێ بە سیستەمێکی ڕێک و پێک و چاودێری دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمەکە لەوانەیە داهاتێکی زۆر بەدەست بێت لە ڕێگای زەکاتەوە و بە داد پەروەری دابەشبکرێت بەسەر چینی هەژار ئەمەش وادەکات هەژاری کەم ببێتەوە و کۆمەلگا بەرەو خۆشگوزەرانی ئابووری بڕوات ئەمەش زۆر گرینگە بۆ هەموو تاکێک .

## ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی کەوا بیسەلمێنین بۆ دیاریکردنی ڕۆلی زەکات لە کەم کردنەوەی هەژاری ئەگەر بە سیستەمێکی پێشکەوتو بەرێوە بچێت و زۆرێک لە خەڵکان زەکات سەربەخۆ دەدەن بێ ئەوەی بگەرێنەوە لێژنەی فەتوا ڕێنمایی تاکو بزانین چ شتێک زەکاتی لێدەکەوێت و چۆن زەکات وەردەگیرێت و بەسەر کێ دابەشدەکرێت .

## پرسیاری توێژینەوە :

ئایا زەکات کاریگەری هەیە لەسەر لەناوبردن و کەمکردنەوەی دیاردەی هەژاری لە ڕوانگەی دیدی ئابووری ئیسلامی؟

## گریمانی توێژینەوە :

زەکاتدان لە فەریزەتێکە لەسەر مسولمانان وەکو مافی هەژاران لەسەر دەوڵەمەندەکانی داناوە ئایا ئەمە کێشەی هەژارەکانی چارەسەر کردووە بەم ئەرکە وا گریمان دەکەین کە مسولمانەکان پابەندن بەڵام لەبەر نەبوونی سیستەمێک بۆ کۆکردنەوەو دابەشکردنی زەکات بە شێوەیەکی داد پەروەرانەو رێک و پێک نەتوانراوە وەکو پێویست جێبەجێ بکرێت بۆیە هەژاران بە شێوەیەکی بەرچاو کەم نەبۆتەوە کاریگەری زەکات کەم بووە لەسەر نەهێشتنی هەژاری .

## میتۆدی توێژینەوە :

توێژینەوەکە وا دەخوازێت پشت ببەستین بە زیاتر لە میتۆدیچک بۆ ئەم مەبەستەش لەبەر گەرانەوەمان بۆ مێژووی ئاینی تاوەکو دیراسەی ئەم بابەتە بکەین و هەروەها لەبەر شیکردنەوەی ناوەڕۆک بابەتەکە بە مەبەستی تاقیکردنەوەی گریمانی و گەیشتن بە دەرئەنجامەکان وا پێویستی کرد میتۆ شیکاری بەکار بهێنین .

## کێشەی توێژینەوە :

لە کۆمەلگای مسوڵمانان زەکات فەریزەیەکی گەورەیە بۆ چارەسەری دیاردەی هەژاری فەرزکراوە ئایا لە دیدی ئابووری ئیسلامیدا ڕۆلی زەکات چارەسەرە بۆ دیاردەی هەژاری لە وڵاتە ئیسلامیەکان و ئایا زەکات دەبێتە هۆکارێک بۆ نەمانی تەگەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئابووری و کەم کردنەوەی دیاردەی هەژاری.

## شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری :

لە کۆکردنەوەی زانیاری ئەم توێژینەوەیەماندا پشتمان بە ستووە بە شێوازی کتێبخانەو مەیدانی .

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە سێ بەشی سەرەکی و چەند باسێک لەگەل دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە

**بەشی یەکەم** :لەم بەشەدا زیاتر ئاماژە دەدەین بە پێناسەی زەکات و جۆرەکانی هەروەها تیشک دەخەینە سەر رۆلی زەکات لە ئابووری ئیسلامی .

**بەشی دووەم** : لەم بەشەدا هەولمان داوە پێناسەی هەژاری بکەین لە ڕووی زمانەوانی و شەرعی ، هەروەها دیدگای ئابووری ئیسلامی بۆ هەژاری و هۆکارەکانی لە ناوبردنی هەژاری لە ڕوانگەی ئابووری ئیسلامیدا

**بەشی سێیەم** : ئەو بەشە تەرخان دەکەین بە سەندیکا و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پێدانی زەکات لە شاری هەولێر ، لەگەل ئەنجام دانی راپرسی لەگەل هاولاتیانی شاری هەولێر دەربارەی کاریگەری زەکات لە کەمکردنەوەی هەژاری لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا دەیخەینە ڕوو .

لە کۆتایشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و فۆرمی راپرسی دەخەینە ڕوو.

## بەشی یەکەم : پێکهاتەی زەکات و ڕۆڵە گرینگیەکەی لە گەشەی ئابووری دا :

### تەوەری یەکەم : پێکهاتەی زەکات :

یەکەم : پێناسەکردنی زەکات لە ڕووی زمانەوانی و شەرعیدا :

زەکات بریتیە لە سێیەمین بنچینە لە بنچینەکانی ئاینی ئیسلام و بریتیە لەو مافە داراییەی کە خودای گەورە پێویستی کردووە لەسەر مسولمانان کاتی داراییەکانیان ئەگاتە ڕادەی زەکات لەسەر پێویست بوونی و ساڵێکی بەسەردا ئەسورێتەوە ئینجا دەوڵەتی ئیسلامی وەری ئەگرێ و دابەشی ئەکاتەوە بەسەر کەسانی شایستە بۆی , کەواتە زەکات : (قادر ,2019, 236)

1. بریتیە لە فەرزێکی ئابووری کە لە سامانە جۆراو جۆرەکان وەرئەگیرێت وەکو : زێر و زیو و پارە , بەروبوومی کشتوکالی , سامانی ئاژەلی , سەرمایەو , دارایی بازرگانی .
2. بریتیە لە سیستەمێکی دارایی تەواوو ئامانجەکەی بریتیە لە لە پاراستنی تاک و کۆمەلگەی ئیسلامی .
3. هێنانەدی گەورە ترین تێربوونی ماددی بە کەمترین تێچوون و هەولدان .
4. هێنانەدی ئیش پێکردنی تەواو لەناو ئابووریەکی هاوسەنگی گەشە کردوودا کە سیستەمی ئابووری ئیسلامیە .

_ پیناسەی زەکات لە ڕووی زمانەوانیدا :

پێناسەی زەکات بەم جۆرەیە کەوا زەکا بە واتای گەشەو زیادکردن دێت و وتراوە (زکی الزرع ) کاتێک گەشە دەکات .

_پیناسەی زەکات لەڕووی شەرعیدا :

له شەرعیشدا زەکات مەبەست لێی ئەو هەقەیە کە واجب بووە لەو مال و سامانەی کە گەیشتبێتە ڕادەیەکی دیاریکراو بە کۆمەلێک مەرجی تایبەتەوە بۆ دەستەو کۆمەلە کەسێکی دیاریکراو (گەلالی ,2020, 6 )

**دووەم : حوکمی زەکات و بەلگەکان لەسەری :**

زەکات فەرزێکە لە فەرزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام , و یەکێکە لە پێنج پایەو کۆلەکەکانی , زەکات لە پاش نوێژ گرینگترین پایەی ئیسلامە وەک خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەمیشە لە پاش نوێژ فەرمانی پێکردووە , وەک فەرمویەتی ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ﴾ ایە (43 ) سورە البقرە (فیقهی ئاسان , 282)

**سییەم :گرنگی زەکات :**

زەکات ڕوکنێکە لە ڕووکنەکانی ئیسلام کە بنچینەی ئیسلامن , زەکات واجبە لەسەر گشت مسولمانێک کە مەرجەکانی زەکات دانی لێ بێتەجێ , واجبە ئەوکات بیدات بەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت . وشەی ( الزکاە) لە قورئانی پیرۆز لەگەل نوێژ زیاتر لە (80 ) شوێن هاتووە :بۆ نموونە خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ایە (277) سورە البقرە (اجمد ,2011, 4 )

**چوارەم : جۆرەکانی زەکات :**

زەکات دوو جۆری سەرەکی هەیە :

١: پەیوەندی بە جەستەوە هەیە کە بریتیە لە زەکاتی سەرفیترە .

٢ : پەیوەندی بە سامانەوە هەیە کە بریتیە لە ( ئاژەل , پارە , بەروبوومی کشتوکال , دانەوێلە , بەرو بووم و سامانی بازرگانی ) (فیقهی ئاسان , 282)

**پینجەم : ئەوانەی کە زەکاتیان پێ دەدرێ :**

زەکات دەدرێ بەم هەشت تاقمە کە خودای گەورە لە نامەی خۆیدا ناوی دیاریکردوون و فەرموویەتی ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ ایه (60) سوره التوبه

واتا : خوای گەورە خۆی زەکاتی داناوە بۆ ئەم هەشت کۆمەڵە لە مسوڵمانان :

١-هەژاران 2-مسکین و بێنەوایان 3- کارگوزارانی سەرزەکاتە خۆی 4- مسوڵمانان ئەوکەسانەی ئەو ئومێدی سودی ئیسلامیان لێدەکرێت , بەو ماڵی زەکاتە دڵنەوایی دەکرێن 5- ئەو بەندانەی کە پێویستیان هەیە بە ماڵ و پارە بۆ ئازادبوونیان 6- قەرزاران 7 -تێکۆشەرانی ڕێگەی خودا 8- ڕێبواران ( گەلالی ,2020, 46).

**شەشەم : ئەو کەسانەی زەکاتیان پێناشێت :**

پێنج چین هەنە کە زەکاتیان پێناشێت :

1. دەوڵەمەند بەهۆی ماڵەوە یان بەهۆی کاسبیەوە
2. کۆیلە کاتێک گوزەرانی لەسەر ئاغاکەیەتی لە ریزی دەوڵەمەندایە
3. ئەم دوو بنەماڵەیە زەکاتیان پێناشێ : بنەماڵەی بەنی هاشم و بنەماڵەی بەنی موتەلیب
4. هەرکەسێ لە ژێر (نەفەقەی) زەکاتدەربێ
5. بێبڕوا ( کافر)

## تەوەری دووەم : جۆرە گرینگەکانی زەکات لە گەشەی ئابووریدا  و ڕۆڵە گرنگەکانی زەکات لە گەشەی ئابووریدا .

### یەکەم :جۆرە گرینگەکانی زەکات لە گەشەی ئابووریدا

ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی زەکات

زەکات چەندین ئامانجی ئابووری جیاواز ئەهێنێتە دی وەکو :

1. پاککردنەوەی گیانی مرۆڤ لە تەزکیەتی دەروونی بەرامبەر خێر و چاکە و هاندان بۆ دەستگرتنی هەژاران و پێویستان و دەستکورتان .
2. زاڵبوون بەسەر خۆشەویستی لە رادەبەدەر و سەختی پارە و پول و دارایی هەروەکو خودای گەورە ﴿ وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ایه (8) سوره العادیات [ واتا: بەراستی ئادەمیزاد لە خۆشویستنی دارایی و ساماندا زۆر سەخت و توندە]
3. بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی
4. جێبەجێکردنی فەرمانەکانی قورئان و سونەت و هێنانەدی سێیەم بنەمای ئاینی ئیسلامی پیرۆز بەهۆیەوە زیادبوونی تەقواو و نزیکبوونەوە لە خودای گەورە .
5. هاندانی مسوڵمانان بۆ پارە بەخشین و خێرکردن بە هەژاران و دەستکورتان
6. چاککردن و چاوپێخشاندنەوە و ریکخستنەوەی سیستەمی دارایی هەموو تاکێکی مسوڵمان لە هەموو تاکێکدا لە هەموو ساڵێکدا .
7. بەهێزکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی کە ئەویش بریتیە لە بنچینەیەکی پێویست بۆ بەهێزکردنی سیستەمی ئابووری وڵات .
8. دەربازکردنی کۆمەڵگا لە بارەکانی هەژاری و دەستکورتی و نەداری .

**دووەم : ڕۆڵە گرنگەکانی زەکات لە گەشەی ئابووریداو مەبەستەکانی .**

**١ :مەبەستەکانی زەکات لە ئابووری ئیسلامدا :**

لێرەدا کە ئەلێین مەبەست و یان فەلسەفەی زەکات لە دیدی ئابووری ئیسلامی مەبەستمان بریتیە لە هەموو ئەو حیکمەت و ئەنجامانەی کە بەهۆی زەکاتەوە دێنە دی لە ناو سیستەمی ئابووری ئیسلامی واتا هەموو ئەو دەرئەنجامە ئیجابیانەی کە چالاکیەکانی زەکات ئەیان هێنە دی . (قادر ,2019, 239 ) شیکردنەوەی ئابووری دەربارەی زەکات :

ا: کاتێک زەکات ئەدرێتە هەژاران خواستی کاریگەر بەرز ئەبێتەوە بە هۆیەوە بەرهەم هێنان لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە زیاد دەبێت ئینجا لەسەر ئاستی وڵات ئابووری گشتی بەرهەمی گشتی ناوەخۆ لە وڵاتدا زیاد دەکات ئینجا بەو هۆیەوە داهاتی نەتەوەیی ناوەندە داهاتی تاکەکانی کۆمەڵ زیاد دەبن هەروەها گەشە کردن و پێشکەوتنی ئابووری لە وڵات بە هۆی زۆربوونی بەرهەم هێنانەوە زیاد دەکات ئەمەش ئەبیچتە هۆی زیاد بوونی ڕادەی خۆشگوزەرانی . (قادر ,2019, 243 )

ب: کاتێک هەژاران زەکات وەرئەگرن بەهۆی زەکاتەکە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیان باش ئەبێ وەک بارەکانی : نەفسی و جەستەیی و تەندروستی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی

**٢ :ڕۆلی ئابووری و کۆمەڵایەتی زەکات :**

ئەم توێژینەوەیە چەند فاکتەرێک دەپشکنێ کە لە ڕێگەیاوە زەکات کاریگەری دەبینێت لە ئابووری و کۆمەلایەتی دەولەت و کۆمەلگا وە زەکات ئامرازێکە بۆ ڕێنوێنی کردنی سیاسەتی ئابووری جێبەجێکردنی بە دروستی وە زەکات بەشداری دەکات لە بەرزکرنەوەی بارێکی گەورە لەسەر بودجەی دەولەت لە بواری هاوکاری.

## بەشی دووەم : پێناسە و جۆرەکانی هەژاری و هۆکارەکانی لەناوبردنی ڕێژەکانی هەژارییەتی لە دیدگای لە ئابووری ئیسلامیدا

### تەوەری یەکەم : پێناسەی و جۆرەکانی هەژاری لە دیدی ئابووری ئیسلامیدا .

### یەکەم : پیناسەی هەژاری .

پێناسەی هەژاری : هەژاری ئەم حاڵەتەیە یان ئەم بارودۆخەیە کە تاک یان کۆمەڵگا پێویستی بە سەرچاوەی دارایی هەیە، وە ئەم بناغە پێویستانەی لەنزمترین ئاستدا بن لەڕووی ژیان و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا دەژین جێی ڕەزامەندی بێت، بەڵام بەپیوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەوپەڕی هەژاریی ئەوەیە کە تاک ڕۆژانە کەمتر لە 1 دۆلار بەدەستبهینێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە داهاتی خێزان لە ئاست دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی تاکەکانیدا سەرکەوتوو نەبێت، وە هەژاریش بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر بنەمای ئەو خێزانە دەپێورێت کە بژیوی ئەوی لەسەرە نەوەکو تاک.

هەژاری بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بە ئاستێکی ناپەسەندی بارودۆخی ژیان وە بۆ بارودۆخێک کە بێبەشکردنی ئەو سەرچاوە و توانایانەیە کە بۆ ژیانێکی شایستەی مرۆڤ پێویستن، یاخود بێبەشبوونی سۆزداری بونی هەبێت.

### دووەم :جۆرەکانی هەژاری :

چەندین جۆری هەژاری هەیە وەک ئەوانەی خوارەوە :

1- **هەژاری دراوی(نەختینەیی)** : - ئەو جۆرەیە کە کەسی هەژار توانای لەئەستۆگرتنی تێچووی پێویستییەکانی نیە، ئەمەش بەپێوەری – ڕێژە و ئاستی هەژاری – دیاری دەکرێت.

2- **هەژاری ڕەها** : - ئەمەیان ئەو جۆرەیە کە هەژاران لە ڕێگەی داهاتەکەیانەوە دەتوانن بگەنە ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان (وەک خۆراک، جلوبەرگ، تەندروستی و پەروەردە).

3- **هەژاری ڕێژەیی** : - ئەو جۆرەیان لە جیاوازی ئاستەکانی سەرچاوە ڕێژەییەکان و دابەشکردنی نایەکسانی ئەو سەرچاوانە لە کۆمەڵگادا خۆی دەبینێتەوە، واتە دەتوانرێت بە کەمی سەرچاوەی تاک یان گرووپ بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگا دەستنیشان بکرێت.

4- **هەژاریی چڕ** : - ئەو جۆرەی کە تاک ناتوانێت لە ڕێگەی داهاتەکەیەوە بگاتە ئاستی پڕکردنەوەی پێویستیەکانی لەڕووی پێداویستییەکانی خواردنەوە.

5- **هەژاریی فرە ڕەهەندی** :- هەژاری فرە ڕەهەندی توخمی ناماددی لەخۆدەگرێت وەک بەردەستبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خزمەتگوزاری گشتی (بۆ نموونە تەندروستی و پەروەردە و شوێنی گونجاو بۆ مانەوە (ماڵ) ).

## سێیەم : ناواخن و مانای هەژاری لە ئیسلامدا چییە ؟

هەژار(الفقیر) ئەو کەسەیە کە هیچ پارە و دەستکەوتێکی شایستەی نییە، لەبوونی بۆشایی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و خانوو و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ خۆی پێویستە، وە ئەوەی کە پێویستە پێی بگات بەبێ زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی، وەک ئەوەی ڕۆژانە پێویستی بە دە دینار بێت و تەنیا چوار یا سێ یان دوو دیناری دەستبکەوێت، بەڵام (المسکین) زانایان ڕاجیان لەسەر پێناسەکەی، لە بەناوبانگترینیان ئەوەیە : ئەو کەسەی خۆراک و بژێوی ڕۆژی هەیە بەڵام بەشی ناکات، وە هەندێکیان ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەژار و نەدار(الفقیر والمسکین) بە یەک مانا دێن، ئەمەش جێی سەرنجە ئەگەرهاتوو وشەی نەدار(المسکین) بەجیا هات لەڕستەدا هاومانان لەگەڵ هەژار(الفقیر)، بەڵام ئەگەرهاتوو هەردوو وشە کۆبوونەوە ئەوا ناکرێ جیاوازییان لەنێوان نەبێت لەڕووی ماناوە، زانایانیش ڕاجیایی زۆریان هەیە لەسەر هەردوو وشەکە، ئەبو یوسف هاوەڵی ئەبی حەنیفە، وە ئیبن قاسم کەهاوەڵی مالیک

بووە بۆچوونیان وابووە کەهەردوو وشەکە ئاماژەن بۆ یەک چین، بەڵام کۆی زانایان بۆچونیان پێچەوانەیە.

وە شێخی زادە لەکتێبەکەیدا (مجمع الانهر) ئاماژەی بەوەکردووە کە هەژار و نەدار لای حەنفی و شافعییەکان ئەوانەن کە ئەوەی هەیانە ناگاتە بڕی دیاریکراوی شەرعی زەکات دان.

هەروەها ئەو هەژارەی کە توانای دەستخستنی پارە و پەیداکردنێکی حەڵاڵ و شایستەی هەیە (شوێنێک لەپێداویستییەکانی پڕدەکاتەوە) و شیاو و شایستەیە بەخواردن و پێداویستیەکانی تری، (بەڵام بەشی ناکا)، وەک ئەوەی پێویستی بە دە بێت و حەوت یان هەشت بەدەست بخات، ئەگەر بگاتە ڕێژە(ی زەکات) و پشت ئەستوربێت، لەم ڕوانگەیەوە لە الإحياء دا هاتووە : دەکرێ کەسێک خاوەنی هەزار بێت و بەهەژار دابنرێت، وە دەکرێ تەنیا خاوەنی داس و گوریسێک بێت و بە دەوڵەمەند هەژمار بکرێت.

بونی شوێن مانەوەی گونجاو نابێتە ڕێگر(لەوەی بەهەژاردابنرێت)، بەڵکو ئەوەی پشتی پێدەبەسترێت بریتیە لەڕاددەی پێویستی(کەسەکە) بەپێی تەمەنی بەگشتی، هاوشێوەی ئەوەیە کەدێت لە پێبەخشین، ئەگەرچی جیاوازیش بکرێت لەنێوانیان ناکرێت بگوترێت : بە پشت بەستان بەوە دەبێت دەوڵەمەندەکان زیاتریان لێ وەربگیرێت لەچاو پاشاکان!.

چونکە دەڵێین : ئەوەی پارەی تەواوی هەبێت و پەیدای بکات، یان موڵکێک کە داهاتەکەی بەشی بکات ئەوا ئەو کەسە دەوڵەمەندە و دەوڵەمەندەکانیش بەو شێوەیەن چ جای پاشاکان، بۆیە ئەوەی باسکراوە پێویست ناکات و لەوەوە زانراوە کە نەدار لە هەژار باشترە، بە پێچەوانەی ئەوەی بۆچونی پێچەوانەی هەیە، بەڵگەیان ئەم وتەیەی خوای پەروەردگارە : {أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدْتُ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُمْ مَلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا } (الكهف: 79)، لەم ئایەتە خاوەن (کەشتییەکە) بە نەدار لەقەڵەم دراون، ئەمەش واتا نەدار کەسێکە کە ئەوەندەی هەیەتی بەشی ناکات. (مشعان الموقد، 2015).

## تەوەری دووەم : دیدگای ئابووری ئیسلامی بۆ هەژاری

### هەژاری لە بیردۆزی ئابووریدا

جۆراوجۆری تێڕوانین و ئاراستەی ئابووری قوتابخانەکان بۆ دیاردەی هەژاری و پەرەسەندنی لە سەردەمی بازرگانی و گەیشتن بەئابووری هاوچەرخەوە بەم شێوەی خوارەوەیە :

1- **هەژاری لە هزری ئابووری بازرگانیدا**: - پێناسەکردنی قۆناغی بازرگانەکان بە بەدیارکەوتنی چینی ناوەند (لە بازرگانان) لەسەر ئەستۆی چینە خانەدانەکان دەبێت، وە گەڕانی بەردەوامیان بۆ پێکهێنانی سامان و دەستکەوتنی زۆرترین ڕێژە لەکانزا بەنرخەکان بۆ سەنگین کردنی شوێنپێی دەوڵەت، کە ئەمەش واتا گەیشتن بەسامان هاومانای خۆشگوزەرانییە و پێچەوانەی بارودۆخی هەژاری و نەبونییە، ئەمەش بووە هۆی سەنتەر بوونی سامان لەدەستی بازرگانان لەسەرحیسابی تاکەکانی تری کۆمەڵگە.

2- **هەژاری لە ڕاڕاوی سروشتییەکان** : لەسەر سیستەمە سروشتییەکان، بەجۆرێک ئەوەی تێدایە و گونجاوە لەگەڵ بیروبۆچونی سروشتییەکان، هەژاری واتا لادان لەپڕۆگرامی ئابوری، وە دەکرێت بگوترێت بیرۆکە بنەڕەتییەکەی ئەم سیستەمە ڕاگەیاندنی دیاردەی هەژارییە لەژێر سێبەری نمونەیەکی سروشتی کەدەستەوەستانە لەبەرامبەر پێشکەشکردنی شیکردنەوەی ئابوری بۆ بازاڕ.

3- **هەژاری لەبیروبۆچونی ئابوری کلاسیکی** :- کلاسیک بەشێوەیەکی گشتی باس و خواسی هەژاری شەنوکەو نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی باسی لێوەکردووە لەبابەتەکانی کار و داهات و دابەشکردنی قازانج و گەیشتن بەدادپەروەری کۆمەڵایەتی، وە بیروڕای کلاسیک لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

أ. ڕەتکردنەوەی کلاسیک بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت وەکو بەشێک لەوکارەکتەرانەی کە ڕووبەڕووی هەژاری دەبنەوە بەهۆی کاریگەری دروست کردن لەسەر هۆکارەکانی دروست بوونی هەژاری، ئینجا لەسەر ڕێکارەکانی سیستەمی ئابوری ئازاد.

ب. کلاسیک، هەژاری لەدەرەوەی سیستەمی ئابوری هەژمار دەکات، وای دەبینێت کە دەستکردی بارودۆخە کەسییەکانە و بەهۆی کاریگەری چینەکانی کۆمەڵگەوە دروست بووە، ئەم چینانەش خاوەندارییەتی ئاستێکی قەبوڵکراو دەکەن لەتوانا و بەهرەکان،  لەگەڵ کەم تێگەیشتوویی لەبەرامبەر بەرژەوەندییە کەسییەکان لەپێناو سود وەرگرتن لە سیستەمی بەروبوومی سەرمایەداری.

ج. کلاسیکە سەرەتاییەکان وای بۆ دەچن کەهەژاری گوڕاو بنچینەیە لەکرداری گەشەکردن بەجۆرێکە پاداشتەکان دەبنە بارگرانی و قورسایی بۆ سەرمایەدارەکان، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ هێشتنەوەیان لەئاستێکی نزم لەسنوری پڕکردنەوەی ئاستی تەواوەتی بۆ مسۆگەرکردن و زۆرترکردنی قازانجەکان، بەمەش کەڵەکەبوونی سەرمایەداری ڕوودەدات.

4- **هەژاری لەبیروبۆچونی ئابوری کلاسیکی نوێ** :- گرینگی دان بەبیرۆکە نوێیەکان لەسەرشێوازی چۆنیەتی کارکردنی ئابوری دانراون بەتایبەت لەبابەتی دیاری کردنی نرخە نیمچە جێگیرەکان، ئینجا لێرەوە بابەتی هەژاری جێگەی گرینگی پێدان نەبووە بەگشتی، چونکە مانا و مەبەستی هەژاری لە بیردۆزی کلاسیک و کلاسیکی نوێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەسروشتی مرۆڤەکان دەبەسترێتەوە نەوەکو سیستەمە ئابورییەکان و ئەوان هیچ دەستێوەردانێکییان تێیدا نیە ، لەڕوانگەی ئەوەی کە ڕەوشتە کەسییەکان دەبنە هۆکاری هەژاری، لەمەوە دەردەکەوێت کە هەژاری دیاردەیەکی تایبەتە بەچینە پێنەگەیشتووەکان کە ناتوانن تێکهەڵکێش بن لەگەڵ ژیارە کۆمەڵایەتییەکان.

5- **هەژاری لەبیروبۆچوونی ئابوری سۆسیالیست** : بەپێی سیستەمی سۆسیالیستی مارکسیزم، شێوازی دروستکردنی سامان بە بەردەوام هەلی زیاتر دەدات بە هەژاری و دوری دەخاتەوە  لەکۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕێگای قۆرغکردن و زاڵبوون و بێ کاری. بیرۆکەی سۆسیالیستی وای دەبینێت کەسیستەمی ئابووریی دەبێ هەژاری تێدا نەبێت،  لەڕێگای دەستبەسەرداگرتن و جەختکردنەوە لەسەر گشتاندنی خاوەندارییەتی بۆ هۆکارەکانی بەرهەم هێنان و دەستبەسەردارتنی وڵاتە بەسەر هەردوو کردەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، لێرەوە سۆسیالیست وایدەبینێت کە هەژاری دیاردەیەکە بەرهەم و سەرەنجامی سیستەمی لیبراڵییە، ئەویان بنچینەی ڕکابەرایەتی چینایەتییە لەکۆمەڵگا سەرمایە دارەکان

بەوپێیەی سەرمایەداری کۆنترۆڵی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان دەکات و چینی دەستی کار دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و چۆنی بوێت وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

6- **هەژاری لە بیردۆزی کینزی**:-. دەرکەوتەکانی بێکاری لەم تیۆرەدا هەژارییە، بەزیاتر لەو سەردەمانەی دەزانێت کە بەگرێبەستی ئابووری دیاری دەکرێت، کە باری هەژاری تێدا بەرزدەبێتەوە و خراپتر دەبێت، لەکاتێکدا لەدەمەکانی فراوانبوون و وەستانی ئابووریدا ، ڕێژەی هەژاری لە کەمبوونەوەدایە، بۆیە تێڕوانینی کینزی بۆ شەڕی هەژاری پەیوەستە بە ڕێبازێکی ناڕاستەوخۆ کە ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی زیاتر دەدات بە کاریگەریە ناڕاستەوخۆکانی دامەزراندنێکی تەواو لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریدا، لە ئەنجامدا گرنگی بە هۆکارە خێراکانی گۆڕینی هەژاری دەدات بە پاڵپشتی کردنی بۆشایی هەژاری لە ڕێگەی شێوازەکانی دوبارە دابەشکردنەوە

7- **بیردۆزی باشبوون لە هەژاریدا**: - ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای پێوانەی ماددیی بە باشی بە بەکارهێنانی داهات یان خەرجکردن دەبێت بۆ دەربڕینی ئاستی خۆشگوزەرانی، هەروەک داهات پێوەرێکە بۆ هەژاری، تیۆری خۆشگوزەرانی پێشەنگی باڵایە کە جەخت لە هەژاریی دراوی دەکاتەوە، وە لەسەر ئەم بنەمایە هێڵی هەژاری دیاری دەکرێت و هەر کەسێک بکەوێتە خوار ئەم هێڵەوە بەهەژار هەژمار دەکرێت.7

8- **بیردۆزی بازنەیی بەتاڵ** : - ئەم بیردۆزە پێداگری هەژاریی بە بەرزکردنەوەی بازنە بەتاڵەکان لەسەر هەردوو لایەنی داوا و دابینکردن دادەنێت و کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە بەبازنەیی کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن، چونکە نزمی ئاستی داهاتی تاک دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای کڕین و کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمداری و لە ئەنجامدا کەمبوونەوەی ئەو ئاستەی داهات لەلایەنی خواستنەوە، بەڵام لەلایەنی دابینکردنەوە کەمی داهات دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی پاشەکەوت و کەمی سەرمایە، بەم شێوەیە بەردەوامی بە دۆخی هەڵاوسان دەدات.

## تەوەری سێیەم : هۆكارەكانی لەناوبردن و تەسككردنەوەی ڕێژەكانی هەژارییەتی لە ڕوانگەی ئابووری ئیسلامی :

### یەكەم : هۆكارەكانی هەژاری:

دوای وردبینی لە ڕەگ و ڕیشەی كێشەی ئەم واقیعە ناخۆشەی كە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لەژێر زەبروزەنگی هەژاریدا دەژین دەتوانم بڵێم ئەمە هۆكاری زۆری هەیە لەوانە ئەوانەی دەكەونە دەرەوەی چوارچێوەی هەژاران، وە چەند هۆكارێكیش بۆ خودی هەژاران دەگەڕێتەوە و دەتوانرێت وەك: سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری كۆبكرێنەوە.

بەڵام بە جۆرێكی تر باس لە هۆكارەكانی دەكەین و دەڵێن: هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكین.

### 1-هۆكارە دەرەكییەكان:

هۆكاری دەرەكی مەبەستمان ئەوانەیە كە لە دەرەوەی بازنەی هەژارانن، بەڵام بەسەریاندا دەسەپێنرێن، ئەوانیش بەم شێوەیەن و هیچ كامیان درێژناكەمەوە جگە لە پێویست نەبێت:-

**ا:-گوناه و سەرپێچییەكان:**

ڕەنگە ئابووریناسێك سەرسام بێت چۆن چوینەتە ناو بابەتی گوناه و سەرپێچییەوە و بانگەشەی ئەوە دەكەین كە یەكێكە لە هۆكارە گرنگەكان و تەنانەت لەیەكەم هۆكارەكانیش كە باس كراوە؟ بەڵام بەڕاستی ڕوونە، ئەوەی گوێڕایەڵی شەیتان بێت و پەیڕەوی ئەوە بكات كە خوا تووڕە دەكات و لە خێر وچاكەكردن لەگەڵ خەڵكی دوور بكەوێتەوە و زەكات نەدات، ئەوا توشی ڕەزیلی و چاوچنۆكی و دەبێت و ناشبەخشێ بەڵكو تەنیا خەریكی كۆكردنەوەیە و ئەم كەسە تووشی هەژاری دەبێت و بەمە تاقی دەكرێتەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت {الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ وَاللَّهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلًا} (البقرة: 268). واتا ( شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەدات بە

گوناه و تاوان و خراپه و نەبەخشین" خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێ دەدات لەگەڵ ڕۆزی و بەهرەی فراوان)

**ب-:ستەم** :

سەری هەموو بەڵایەکانە، چەسپێنەری گشت نزمییەکانە، دەتوانین بڵێین زۆربەی هۆکارەکان دەکەونە ژێر چوارچێوەکەیەوە و تێوەگلان لە جلە خۆڵاوییەکەی، یەکێک لە ستەمەکان بریتیە لەوەی دابەشکردن نادادپەروەرانە بێت، ئەمە وادەکات خەڵکی ڕابکەن لەیاساکانی دەوڵەت و بەچاوی کەم سەیری بکەن و بە نادادپەروەرانە چەند کەسێکی زۆر کۆکردۆتەوە و بە پێدانی پارەی زیاتر و هەندێکی تر کەمێک نەبێت هیچیان بەرناکەوێت!

**ج:پێشخستنی دەوڵەمەندەکان و بێبەشکردنی هەژاران**:

ئەمەش بە خۆگرتنیان و گێچەڵکردنیان بە پارە و بێبەشکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا دێت لە هەژاران و خاوەن پێداویستەکان، ئەمە زۆر لە کۆمەڵگەیەکدا هەستی پێدەکرێت کە مامەڵە بەسیستەمی ئابووری سۆسیالیستی و تەنانەت کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بکات چونکە هەموو ئەو قوتابخانە ئابوورییانە ڕۆحی لیبرالیزم و مامەڵەکردنیان تێدایە بەپشت بەستن بەسوو، وە خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا لە دوو چین و دوو پارچەدا بژی هەریەکەیان تێکەڵی ئەوی تر نەبێت تەنیا بەکەمی نەبێت، هاوەڵانی بەڕێز عەلی کوڕی ئەبی تالیب(خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت : هەژار برسی نابێت مەگەر بەهۆی لەززەت وەرگرتنی دەوڵەمەند نەبێت.

**د: جیهانگیری ئابوری**:

جیهانگیری ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕاکێشانی سەرمایە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و هێنانە ناوەوە و ڕاکێشانی لە ڕێگەی قایلکردنەوە، بۆ چاودێریکردنی سەرمایەکانی لە بازاڕە جیهانییەکانی وڵاتانی ناوەند دا، ئەمەش لەلایەن ئابورناسانی جیهانییەوە تێبینی کراوە، بە وتەی جۆرج سۆرس، کە یەکێکە لە

جەمسەرەکانی ئابوری ڕۆژئاوا کە دەڵێت: جیهانگیری بوەتە هۆی جوڵانەوەی سەرمایە لە لایەن لایەنەکانەوە، ئەمە ئەو شوێنەیە کە وڵاتانی گەشەسەندوو بەرەو ناوەند دەچن، واتە وڵاتانی ڕۆژئاوا و جۆن سێهلیتەر ئابوریناسی پێشووی بانکی جیهانیش هەمان تێڕوانین و بیرۆکەی پەسند کردووە.

**ە: جەنگ و وێرانکاری و کوشتن:**

ئەمە لەو وڵاتانەدا بەدی تێبینی دەکرێت کە شەڕی تێدا ڕوودەدات وەکو فەلەستین و ئەفغانستان و عێراق و سۆماڵ و چیچان و کشمیر و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، بە ویستی خودا باسی دەکەین کاتێک باسی ئەو کێشەیە دەکەین کە ئابووری لە وڵاتانی ئیسلامی چەشتوویانە و ئەمەش لە گەلانی ناوچەکە ڕەنگی داوەتەوە.

**–_ ستراتیژی نەهێشتنی هەژاری شکستی هێنا:**

ئەم ستراتیژانە تەنانەت بۆتە هۆی بنبڕکردنی ئەم دیاردە شەرمەزارهێنانە، وەک دەوڵەتێک کە سیستەمی چینایەتی پەیڕەوبکات، یان مامەڵەکانی پشت بە سوو ببەستێت.

**_ خراپ دابەشکردنی هەژاری سامان و داهات :**

دابەشکردنی هەژاری سامان و سەرچاوەو داهات لەپێکهاتەی دەوڵەتدا ڕۆڵی دیاریکراوی هەیە لەدۆزینەوەی چارەسەری کێشەی هەژاری، ڕەنگە توێژینەوەی تایبەتی بۆ دابین بکەین کەتیایدا خراپی بەڕێوەبردنی زۆرێک لەوڵاتانی ئیسلامی و ڕێکخراوە ئابوورییەکەیان ڕوون بکەینەوە، کێشەکەش نەبوونی سەرچاوە نییە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵکو خراپ بەکارهێنان و مامەڵەکردن و خراپ دابەشکردنەتی (محەممەدی المانی، 2013) 16

## 2-هۆکاری تایبەت بەهەژاران:

لەم هۆکارانەی کەهەژاران ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە سوتان بەئاگری هەژاری ئەمانەن:

**ا-: تەمبەڵی**:

زۆرێک لە هەژاران و نەداران دۆخی تەمبەڵبوون لەبیر دەکەن و لە ئاستی ڕێپێدراودا بەدوای بژێوی ژیان ناگەڕێن و چەندمان بینیوە و گوێمان لێبووە خەڵک لە کەسانی تر سواڵ دەکەن و بە تەندروستترین و سەلامەت ترین شێوەن، بەڵام تەمەڵی بێ توانای کردوون لە گەڕان بەدوای بژێوی ژیاندا. هەرچەندە خوای پەروەردگار هانی داون بۆ گەڕان بەدوای ڕزق و ڕۆزی، هەروەکو دەفەرموێت : {فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ} (الملك: 15)، وە دەفەرموێت : {وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا} (القصص: 77). ئیمام محەمەد کوڕی حەسەن شەیبانی دەفەرموێت: خودا لەسەر بەندەکانی فەرزکردووە بەدوای بژێوییان بگەڕێن تاوەکو بۆ گوێڕایەڵی خودا بەکاری بهێنن.

**ب:.ورە نزمی و خۆبەکەم دانان و شکست لە گەڕان بەدوای کار:**

زۆرێک لە هەژاران و کەمدەرامەتییەکانی خۆیان لەبیرکردووە و کەمیشیان خۆیان دروست کردووە و پشت بە خۆیان دەستن و بەدوای ئەوەدان کە کاری خۆیان بکەن.

**ج: سو (ڕیبا)** :

بەتێبینی کردن لەبارودۆخی زۆرێک لە هەژاران و کەمدەرامەتەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم گێچەڵە (هەژارییە) لە لایەن ئەو بانکە سوخۆرانە پارەکەیان شکاندۆتەوە و پشتیان شکاندوە و بارگرانیان کردوون لەقەرز و غەمخواردن، بەڕێگای نایاسایی بردراوە و پاشان دەستی نەبوونی باڵی کێشا بەسەریدا و بوو بە هەژارێکی کەمدەرامەت کە داوای خێر و زەکاتی لە ئەوانی تر کرد (موحەممەد المانی، 2013).

**3: هۆکارە ئابوورییەکان: -**

**هۆکارە ئابوورییەکانی هەژاریی ئەمانەن:**

أ. ئاست نزمی داهات و سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەدەست هێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان وەک خۆراک و پەناگە و جلوبەرگ و ئاستی نزمی تەندروستی و پەروەردە.

ب. شکستهێنان لە باشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی بەردەستی وڵاتان بۆ باشترکردنی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەمەش کۆمەڵگا پڕدەبێت لەدووبەرەکی و بێ بەرهەم بوون.

ج. ئاستی نزمی بەرهەمهێنانی کرێکار، وەک ئەوەی کە بەرهەمداری پەیوەندی بە دەستگەیشتن بە پەروەردەوە خزمەتگوزاری تەندروستی و متمانە هەبێت.

د. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و قەرزی دەرەکی و قەیرانی دارایی کە کێشەی زۆری بۆ هەژاران دروستکردووە.

**4: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان :**

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە :

أ. ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری و ئاستی نزمی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ پێداویستیەکانی بازاڕی کار.

ب. پەراوێزخستنی ڕۆڵی ژنان بەتایبەتی لەناوچە لادێییەکان و دوورخستنەوەیان لەسیاسەتی کەمبوونەوەی هەژاری.

ج. جیاوازییەکی زۆر لە دابەشکردنی سامان و داهاتدا کە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

د. بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بیرۆکراسیی، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە دابەشکردنی خەرجکردنی گشتی و پەکخستنی گەشەی.

ه. لاوازی توانای دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بۆ بەرەنگار بوونە وە ی هەژاری.

## دووەم :ڕۆڵی زەکات لەمامەڵەکردنی هەژاری و بەدیهێنانی هاوکاری کۆمەڵایەتی:

ئەمە کێشەی هەژارییە کە ئیسلام شەڕی لەگەڵ دەکات، گرفتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤ چ بە کوفرانەبژێری بەخششەکان یاخود پەراوێزخستنی وەبەرهێنان لەسروشت و نەقۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە خودا بە بەندەکانی بەخشیوە، یان بە ستەمکردن لە ڕووی کەمی دابەشکردنی داهات و سامانەوە، لەپێشیشدا ئاماژەمان بە پێگەی ئیسلام کردووە لەسەر ئەم بابەتە چ بە بەندەکانی بەرهەمهێنان و ئەو یاسایانەی کە بڕیاری لەسەر داوە، کە دەبێت تاکەکان لە بە ڕادەی پێویست یەکسان بن، نایەکسان بن لەزیاتر لەپێویستییەکانیان، کە ئامانجی زۆر لەخۆبگرێت لەهاوکاری کردنی نێوان خۆیان بەهۆی پێویستییان بە یەکتری.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم جیاوازیە لەکاتێکدایە کەپێویست بێت بەڵام بەرەهایی نییە، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگە بە نەزانی و کەنارگیری نادات، بۆیە هاوسەنگی ئابووری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاش پێویستە ئەگەر ئەم هاوسەنگییە تێک بچێت، بەرپرسیارییەتی ئەمە دەکەوێتە سەر تاکەکان و دەوڵەت، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ **وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا** ﴾.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە مامەڵەکردنی هەژاری لە ئیسلامدا تەنیا بە هۆی زەکاتەوە نییە و بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن، وە خەرجی نزیکە دەوڵەمەندەکان و دەرماڵەی خوازراو و ئەوانی تر.

هەرچۆنێک بێت زیاتر دەرماڵەی زەکات بۆ مەبەستی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکرێت و بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پێویستیی چینە کەمدەرامەتەکان بەکاردێت، لەبەر ئەوە ئەرکی دەوڵەتە بۆ کۆکردنەوە و خەرجکردنی، کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئیسلامی لەسەر ئەمە کۆکن.

دابینکردنی پێویستی تەواو بۆ هەموو هەژارێک یان کەمدەرامەتەکان و خەرجکردنی زەکات لە بانکە شەرعیەکانی، یەکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت کە لەسەر بنەمای هەوڵی تاکەکەسی نییە کە تاک ناتوانێ ئەنجامی بدات.

چارەسەری هەژاری لەلایەن زەکاتەوە یارمەتیدەرە لەچارەسەری نەزانی و نەخۆشی، کێشەی نەزانی زۆرجار بەهۆی هەژارییەوە دروست دەبێت، کە هەژارەکان ناتوانن فێری منداڵەکانیان فێربکەن، بۆیە ئەمە یەکێک بووە لە پێداویستییە سەرەتاییەکان کە دەبێ لە زەکاتەوە بۆ هەژاران بەردەست بێت.

هەروەها کێشەی نەخۆشی پەیوەست دەکرێت بە کێشەی هەژارییەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەگەر ستانداردی ژیان بەرزبێتەوە و خەڵک خۆراکی چاک وەدەست بخات، وە ماڵی تەندروستی هەبێت، وە توانای چارەسەریی هەبێت ئەوا نەخۆشی بۆ بچوکترین ئاست گەمارۆ دەدرێت.

لە ئەنجامدا نەمانی هەژاری نەزانی و نەخۆشی لادەبات و لەوەش زیاتر کێشەی بێ تەنیابوونی زۆرێک لە گەنجان چارەدەکات بۆ هاوسەرگیری، کە لە سەردەمی ئێمەدا بی توانان لەئاست هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتە داراییەکانی جا چ لەڕووی مارەیی بێت یاخود لە ڕووی کەلوپەلەوە ...هتد.

**بەشی سێیەم : ڕاستی مامەڵە کردن لەگەڵ زەکات لە شاری هەولێر لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی پێدانی زەکات لە شاری هەولێرو شیکارکردنی فۆرمی ڕاپرسی.**

**تەوەری یەکەم :ڕاستی مامەڵە کردن لەگەڵ زەکات لە شاری هەولێر و سەندیکا و دەستە و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی پێدانی زەکات لە شاری هەولێر :**

## یەکەم : راستی و واقیعی مامەلەکردن لەگەل زەکات لە شاری هەولێر :

یاسای زەکات ژمارە (55) لە عیراق دەرچوو لە سالی 1987 ئەم یاسایە باس لە نوێکردنەوەی صندوقی زەکات دەکات لەگەڵ دانانی لقەکان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە ئەم صندوقی زەکاتە سەرپشکراوە لە بەڕێوەبردنی پارەی زەکات لە عیراق .

پاشان ئەم یاسایە تعدیل کرا بە قانونی (یاسای ) ژمارە (34) بۆ ساڵی (1999) و ئەم یاسایە وشەی (صدقات ) زیاد کرا لە دەستە واژەی (صندوق الزكاه ) و ناوەکەی بوو بە (صندوقی زەکات و خێرو چاکە ) لەگەڵ بوونی ئەو یاسایە باس لە بوونی سندوقی زەکات دەکات لە عیراق بەڵام لەدوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 و دروست بوونی ڕێکخراوە حکومیەکان لە هەرێم هیچ سندوقێکی زەکات لە هەرێم پێک نەهێنرا .

ژمارەی دەستکەوتی زەکات لە هەرێم بە گشتی لە هەولێر بەتایبەت کارێکی قورس و گرانە ئەمەش لەبەر نەبوونی تۆمارێکی تەواو دەربارەی چەندایەتی زەکات بە شێوەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ پارەی زەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی بە شێوەی تاکە کەسی بووە تاکو دروست بوونی ڕێکخراوی زەکاتی ناحکومی واتا (ئەهلی ) لە شاری هەولێر .

**دووەم : سەندیکا و دەستە و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی پێدانی زەکات لە شاری هەولێر**

**یەکەم: دەزگای مەلا اسماعیل نانەکەلی بۆ زەکات :**

ئەم دەزگایە لەساڵی 1993 دروست کرا لەلایەن بەرێز احمد اسماعیل نانەکەلی وەبەرهێنی دیار لە شاری هەولێر ئەم دەزگایە هەلدەستی بە پێدانی یارمەتی بە هەژارو کەم دەرەمەتەکان و ئەوانەی لە خانووی بە کرێن و هەروەها ئەوانەی بێ سەرپەرشتن و خاوەن پێداویستی تایبەت و خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئەو کەسانەی کە نەخۆشن تواناى کڕینی چارەسەریان نییە و ئەوانەی پێویستیان بە نەشتەرگەریە لەگەڵ هەموو ئەوانە ئەم دەزگایە نەخۆشخانەیەکی گەورەی دروست کرد تایبەت بەو کەسانەی کە توشی نەخۆشە شێرپەنجە بوون (کریم ،2011،123)

بەپێی ئەم خشتەی(1) دەگەیتە ئەو ئەنجامەی لە کۆی گشتی گوژمەی تەرخانکراو بۆ هەژارو نەخۆش لە دەزگای ملا اسماعیل نانەکەلی بۆ زەکات لە نیوان ساڵی (2007–2013) بەردەوام لە گەشەکردنە جگە لە ساڵی (2008) تێکرای زیادەی ساڵانە (9.76%) کۆی گوژمەی براوە ( 678201) هەزار دینار لە ساڵی (2013).

خشتەی(1) کۆی گشتی گوژمەی تەرخانکراو بۆ هەژار

| تێکرای گۆرانی ساڵانە% | کۆی گشتی | یارمەتی جۆراو جۆری فریاکەوتنی | گوژمەی تەرخانکراو بۆ هەژار (هەزار دینار) | سالەکان |
|---|---|---|---|---|
| – | 678201 | 37226 | 640975 | 2007 |
| 9.75 | 612028 | 43228 | 568800 | 2008 |
| 3.50 | 633466 | 43366 | 590100 | 2009 |
| 42.64 | 903632 | 57117 | 846515 | 2010 |
| 25.12 | 130668 | 52543 | 1078125 | 2011 |
| 108.06 | 2352496 | 221361 | 2131135 | 2012 |
| 40.73 | 3310724 | 521532 | 2789192 | 2013 |

**سەرچاوە : لە کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە داتاکانی دەزگای نانەکەلی**

**سییەم : دەزگای حاجی یەحیا بۆ زەکات :-**

ئەم دەزگایە لە ساڵی (2002) دروست کراوە بە فەرمانی وزاری ژمارە (6862) لە (2002/9/7) و لە گرینگترین چالاکیەکانی ئەم دەزگایە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان وەک بێوەژن و مندڵە بێ باوکەکان و قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوانەی کە ناتوانن پێداویستی خۆیان جێبەجێ بکەن و هەروەها ئەم دەزگایە هەڵدەستی بە پێشکەشکردنی یارمەتی بە کۆمەڵەی نەخۆشی شەکرە و پەناگەی بەسالاچووان و هەتیوان .( خالید ،2011) و هەروەها ئەم دەزگایە هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بە پێدانی (30- 100) هەزار دینار بۆ (5000 – 6000) خێزانی هەژار لە شاری هەولێر و (200000 –3000) هەزار دینار سالانە بۆ (150 ) نەخۆش تەرخاندەکات

بەپێی خشتەی (2) کۆی ئەو خێزانانەی سوودمەند بوون لەم دەزگایە و هەروەها تەرخانکردنی بڕە پارەیەک بۆ سەروي 2000 خيزاني هەژار لە پاریزگای هەولیر بە درێژایی سالانی (20011-2015)

خشتەی ژمارە (٢)ژمارەی خێزانە هەژارە سوودمەندبوەکان لە دەزگای حاجی یەحیا

| ساڵەکان | ژمارەی خێزانە هەژارە سوودمەندبوەکان | تێکراگۆرانی ساڵانە% |
|---|---|---|
| 2011 | 1500 | - |
| 2012 | 1600 | 6.66 |
| 2013 | 1750 | 9.37 |
| 2014 | 1800 | 2.86 |
| 2015 | 2000 | 11.11 |

**سەرچاوە : لە کاری تویژەرە بە پشت بەستن بە داتاکانی دەزگای حاجي یەحیا**

**تەوەری دووەم: شیکار کردنی فۆرمەکانی راپرسی و وەسکردنی گۆراوەکانی تویژینەوەکە بەگویرەی ئابووری ئیسلامی:**

لەم تەوەرە دا باس لە شیکردنەوەی فۆرمەکانی راپرسی دەکەین بەگویرەی ئابووری ئیسلامی و وە هەر وەوەها گۆروەکانی تۆژینەوەکە وەسف دەکین بە بەدیاریکردنی ریژەکانی داتاکان و تیکراکانبان بۆیە واماں بە پەسند زانی کە ئەم تەوەرە دابەشکەین بۆ دوو لایەن :

یەکەم : شیکردنەوەی فۆرمەکانی تایبەت بە زانیاری و داتاکانی بەژداربوانی راپرسییەکە :

١ : پیشە :

بە پیی خشتەی (3) دەردەکەویت کە ڕێژەی (31.25%) کارمەندی حکومەینە واتا کارمەندانی کە مووچە خۆری حکومەت ریژەی بەژداربونیان لەهەموو چینەکانی تر زۆرترە ئەمەش بەهۆی زۆری هەبوونی کارمەندی حکومەت لە حکومەتی هەریمی کوردستان و شاری هەولیر، وە ڕێژەی (12.5%) کەمترین ڕێژەی بەشداربوانە کە جوتیارن.

خشتە (٣) پیشەی بەژداربووانی راپرسی

| % | دوبارەبوونەوە | پیشە |
|---|---|---|
| 31.25 | 25 | کارمەندی حکومی |
| 26.25 | 21 | کرێکار |
| 12.5 | 10 | جوتیار |
| 30 | 24 | کارمەندی کەرتی تایبەت |
| 100 | 80 | سەرجەم |

سەرچاوە : لە کاری تویژەرە بە پشت بەستن بە داتاکانی فۆرمی راپرسی

٢: کۆی داهاتی مانگانەی خێزان بە دینار لە مانگێک دا .

لە خشتەی چوار دەردەکەویت کە ئەم بەژداربوانەی بەژداریان لە وەلامی راپرسیەکە کردووە بە ریژەی (13.75%) داهاتیان مانگانە ناگاتە پینج سەد هەزار کە ئەمەش داهاتیکی کەمە بە راورد بە چینەکانی تری کۆمەلگا سەرەرایئەوەی کە زۆءر بەرزترە لە ئاستی ئەو ریژەی کە دیاری کراوە بۆ هیلی هەژاری لە عیراقدا وە زۆرترین ریژەی بەژداربووان لە وەلامدانەوەی فۆرمەکانی راپرسی ئەو کەسانە بوونە کە داهاتیان لەنیوان 500 هەزار دیناری عیراقیە تا ملیۆنیک دینار کە ریژەکەیان لە سەدا پەنجایە (50%).

خشتەی (٤)کۆی داهاتی مانگانەی خێزان بە دینار لە مانگێک دا

| داهات بە دینار | دوبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| 499999-200000 | 11 | 13.75 |
| 999999-500000 | 40 | 50 |
| 1999999 -1000000 | 25 | 31.25 |
| 10000000-2000000 | 4 | 5 |
| سەرجەم | 80 | 100 |

سەرچاوە : لە کاری تویژەرە بە پشت بەستن بە داتاکانی فۆرمی راپرسی

**دووەم: شرۆڤەکردن و وەسفکردنی گۆراوەکانی فۆرمی راپرسی:**

به پێی وەلام دانەوەی بەژداربووان لە راپرسیەکە لە ریگای بەکارهینانی بەرنامەی SPSS دەرکەوت کە بەژداربوان لە وەلامی پسیاری ئەوە کە پێت وایە سیستەمی زەکات لە کۆمەڵگای ئێمە بە دادپەروەری جێبەجێ دەکرێت بەریژەی (50.8%) ,پییان وابووە کە بە لی سیستەی زەکات وەک ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی جیبەجی دەکریت .

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایە سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەردابین کردنی خۆراکی سەرەکی بۆ ئەندامانی خێزانەکەت؟لە سەدا (3.46%)پییان وابووە بەلی سیستەمی زەکات هۆکاریکە بۆ ئەوەی خیزانە هەژارەکان بە ئاسانی خۆراکیان دەست کەویت وە بە ریژەی (40%) هاورا نەبوونە لە گەل ئەوەی کە ززەکات وەک چارەسەریک بیت بۆ بەدەست هینانی خۆراکە سەرەکیەکان بۆ چینە هەژاران وەک لە خشتەی (٥) دەردەکەویت .

خشتە (5) سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دەستهاتی خێزانەکەت؟

| | دوبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| لەگەڵم بەتەواوی | 16 | 20.0 |
| لەگەڵم | 21 | 26.25 |
| یەکلانەبومەتەوە | 11 | 13.75 |
| لەگەڵ نیم | 16 | 20 |
| لەگەڵ نیم بەتەواوی | 16 | 20 |
| سەرجەم | 80 | 100 |

سەرچاوە :لە کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە داتاکانی فۆرمی راپرسی.

وە هەر وەها لە ئەنجامی ششیکردنەوەی داتاکانی فۆرمی راپرسی بە بەرنامەی SPSS بۆمان دەکەوت کە سیستەمی زەکات سەر بە حکومت بیت کاریگەری دەبیت لەسەر دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەندامانی خێزان وە سیستەمی زەکات ئەگەر بە پوختی لە دەستی ئەمین دابیت لەلایەن حکومەتەوە زۆر کیشە ئابووریەکان چارەسەر دەکات .

وە لە فۆرمی راپرسیەکان دەرکەوتووە کە ریژەی هەرە زۆری بەژداربووان پییان وا بووە کە زەکات کاریگەری باشی هەبووە لەسەر گێرانەوەی قەرزی سەرشانی ئەندامانی خێزان وە پیشیان وابووە کە بە سیستەماتیککردنی زەکات دەبیتە هۆی ئەوەی رادەی جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان جیابکاتەوە وە ببیتە هۆی کاریگەری هەبیتە لەسەر کەمکردنەوە و وەنەهێشتنی ئەم دیاردانە وەک (بێکاری ، تاوان، خۆکوشتن لەبەر نەبوونی).

بەژداربووانی راپرسیەکە بەر یژەی (78.8%) لەگەل ئەوە بوونە کە بە سیستەم کردنی زەکات دادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی وە بە ریژەی (47.5%) پییان باشتربووە حکومەتی هەریم بە خۆی هەلسیت بە وەرگرتن و دابەشکردنی زەکات .

وە بە رێژەی (68.8%) بەژداربووانی راپرسیەکە پییان وابووە پەیوەندی هەیە لە نێوان زەکاتدان و وەرگرتن لەگەڵ پێکهێنانی خێزان.

**دەرئەنجامەکان:**

1- هەژاران بە شیوەیەکی گشتی سودمەند بوونە لە زەکات لەشاری هەولیر.

2- لەم تــویژینەوە دەردەکەویــت کە زەکــات کــاریگەری راســتەوخۆ و ناراســتەوخۆی ئابووریــانەو کۆمەلایەتیــانەی هەیە لە ســـە رکەمکــردنەوەی هەژاری و ســنورداركردنیهەر کە ئەمەش پســیاری تویژینەوەکەمان بوو ..

3- ئەگەر ببێ بە سیستەمێکی ڕێک و پێک و چاودێری دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمەکە لەوانەیە داهاتێکی زۆر بەدەست بێت لە ڕێگای زەکاتەوە ئەمەش سەلمیندرا بە گویرەی راپرسیەکە کە زۆربەی بەژدار بووان هەمان رابۆچونیان هەبوو گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە.

4- موسلمانان بە شیوەیەکی گشتی زانیاری تەواویان نییە لە سەر چونیەتی دەرکردنی و زەکات وەک ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی فەرزی کردووە و زانیاری تەواویان نییە لە سەر ئەوەی زەکات لە چ سامانیک دەرکەن و بە ریژەی چەند و بیدەن بە کی وە یەک لە ئامانجەکانی توژینەوەکە ئەمە بوو .

5- دەزگاکانی زەکات لە هەولیر رۆلی زۆر باشیان هەبووە بۆ یارمەتی دانی هەژاران و ەک دەزگای حاجی یەحیا وملا ئیسماعیل نانەکەلی .

6- زەکات فەریزەتیکە خوای دلۆڤان فەرزی کردووە و ئەمری بە پیغەمبەری خۆشەویستمان کردووە کە بە زۆری لە خەلک وەربگیریت و بە سەر هەشت چین دابەشبکریت .

7- لە شەریعەتی ئیسلامی تا ئیستا روون نەبۆتەوە کە ئایە زەکات لە خانوو و بەرە و زەوی وزار دەکەویت یان نا ئەگەر ئەمانە بەر زەکات بن داهاتیکی زۆر بەدەست دیت لە زەکات بۆ هەژاران.

**پێشنیارەکان :**

1- مامۆستایانی ئاینی زیاتر لە وتارەکانیان باس لە بابەتی زەکات بکەن و زیاتر روونبی بکەنەوە

2- حکومەت هەل بدات بە هەموو شێوەیەک دیاردەی هەژاری سنوورداربکات بە تایبەتی لە ڕێگای بەیاخ دان بە زەکات وەک کردنەوە بانکی ئیسلای و وەرگرتنی زەکات لە و مووچەخۆرانەی کە موچەیان زۆرە .

3- کردنەوەی دەزگایەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕیگای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بۆ وەرگرتنی زەکات و خەرجکردنی بە شێوەیەکی روون و شەفاف .

4- ئاگادارکردنەوەی وشیارکردنەوەی موسلمانان لەوەی کە زەکات فەریزەتیکە ئەگەر نەدەیدات ئەوە بە موسلمان هەژمار ناکریت.

# ليستى سەرچاوەكان


1. الطيب زين العابدين، معالجة الزكاة لمشكلات الفقر، سلسلة بحوث الزكاة المعهد العالى لعلوم للزكاة، السودان،2001.
2. دكتۆر عبدالله محمد قادر ، بنەماكانى زانستى ئابوورى ئيسلام ، هەولێر – عێراق ، 1440ك -2019ز
3. سليمان بوفاسة ,عبدالقادر خليل , مساهمة استنماء اموال الزكاة في تحقيق التنمية الشاميلة , ملتق الزكاة , البليدة ,2012 , 9 – 10 .
4. طيب طيبى، مساهمة الزكاة في علاج ظاهرة الفقر في الدول الإسلامية، رسالة دكتوراه،جامعة محمد خيضر بسكرة،2017.
5. عبد السلام حمدان اللوح ومحمود هاشم عنبر، علاج مشكلة الفقر، مجل الجامعة الإسلامية، غزة 2009.
6. فرهاد رحمن محمد ، تحليل تجارب صناديق الزكاة فى دول مختارة مح أمكانية للاستفادة منها فى اقليم كوردستان – العراق ( مدينة أربيل نموزجا ) , كلية الادارة و الاقتصاد/ جامعة السليمانية , 2003.
7. فيقهى ئاسان , حكومى زەكات و بەڵگە لەبەسەرى ، دانراوى احمد عيسى عاشور ، و.نورى فارس حمەخان ،بەرگى يەكەم ،283-312 .
8. كريم ,كةزةنك خاليد ,احتساب خطوط و موشرأت الفقر و تقويم برامج مكافحتة فى اقليم كردستان العراق للعام 2010(مدينة اربيل نموزجا ) ، رسالة غير منشورة , كلية الادارة و الاقتصاد / جامعة صلاح الدين ,2011.
9. مجدي عبدالفتاح سليمان , دور الزكاة في علاج ركود الاقتصادي , مجلد الوعي الاسلامي , 445.
10. ملا محمود گەلاڵى ،پەرتووكى زەكات (فتح القريب) ، هەولێر ، 2020 .

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

کولێژی بەڕێوەبردن و ئابووری / بەشی ئابووری

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

فۆرمی ڕاپرسی

هاوڵاتی بەرێز:

ئێمە هەوڵدەدەین توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدەین بە ناونیشانی (کاریگەری زەکات لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەی هەژاری لە ڕوانگەی ئابووری ئیسلام – شاری هەولێر وەک نموونە). ئەم لێکولینەوە تەنها بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییە بۆ کولێژ نەک بۆ ئامانجی ڕامیاری و ئاسایشی، جا وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئێوەی بەرێز ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە تەواوکردنی توێژینەوەکەوە وە زۆر جێگای شانازی و رێز و تەقدیری ئێمەیە وە پاداشتی لەلای خوای گەورە بزر نابێ .

لەگەل رێز و پێزانینمان بۆتان

توێژەران

تەوەری یەکەم : زانیاری سەرەتایی.

تێبینی : تکایە نیشانەی (راست) لەو شوێنە دابنێ کە پێت گونجاوە وە لەگەل رێنوس لە شوێنی پێویست:

١. پیشە:

کارمەندی حوکومی ☐ کرێکار ☐ جوتیار ☐ کارکردنی کەرتی تایبەت ☐

٢. کۆی داهاتی مانگانەی خێزان بە (دینار) : ☐

٣. کۆی خەرجی بە کاربردنی خێزانی بە (دینار) : ☐

تەوەری دووەم : پێداویستیە سەرەکیەکانی رۆلی زەکات وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری:

تێبینی تکایە نیشانەی (راست) لەو شوێنە دابنێ کە پێت ڕاستە :

| ژ | وەڵام / پرسیار | بەتەواوی لەگەڵم | لەگەڵم | یەکلا نەبوومەتەوە | لەگەڵنیم | بەتەواوی لەگەڵنیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی خۆراکی سەرەکی بۆ ئەندامانی خێزانەکەت ؟ | | | | | |
| 2 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دەستهاتی خێزانەکەت ؟ | | | | | |
| 3 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی جل و بەرگی پێویست بۆ ئەندامانی خێزانەکەت؟ | | | | | |
| 4 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەندامانی خێزانەکەت؟ | | | | | |
| 5 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ئەندامانی خێزانەکەت ؟ | | | | | |
| 6 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی خۆراک و نەوت؟ | | | | | |
| 7 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوماڵ و کەسی؟ | | | | | |
| 8 | سیستەمی زەکات کاریگەری خراپی هەبوە لەسەر گێرانەوەی قەرزی سەرشانی ئەندامانی خێزانەکەت؟ | | | | | |
| 9 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی دارایی پێویست بۆ هەژاران؟ | | | | | |
| 10 | سیستەمی زەکات بۆتە هۆی ئەوەی رادەی جیاوازی نێوان هەژاران و دەولەمەندان جیابکاتەوە؟ | | | | | |
| 11 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوە و وەنەهێشتنی ئەم دیاردانە( بێکاری , تاوان ، خۆکوشتن لەبەر نەبوونی) | | | | | |
| 12 | سیستەمی زەکات دادپەروەری و کۆمەڵایەتی دەهێنێتە دی ؟ | | | | | |
| 13 | سیستەمی زەکات کاریگەری هەیە لەسەر بنبڕکردنی وە دەست خستنی داهاتی داریی ناشەرعی و حەرام؟ | | | | | |

قوتابی توێژەر : ..................................

1444 ک – 1445 ک

2023 ز – 2024 ز